کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 22:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەردوو کارە تیرۆرستییەکەی شاری هەولێرو مەخموور ریسواو شەرمەزار دەکەین ... مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەمەبەستی شێواندنی باری ئاسایشی باشووری کوردستان، نەیاران و دوژمنانی ئازادی دیموکراسی کوردستان کە هەمیشە چاویان بە پێشقەچوونی ولآتەکەمان هەڵنایەت و ئەزموونەکەمان بۆتە چقڵی چاویان، ئەمرۆ لە شاری مەخموور لەکاتژمێر 11، 30ی پێش نیوەرۆی رێکەوتی 2007/5/13 لە کارێکی تیرۆرستی قێزەوەندا لە نێوان قائیمقامیەت و لقی 23ی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆکوژێك بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە خۆی تەقاندەوە، چەند رۆژێك بەر لەئەمرۆش لە رێکەوتی 2007/5/9 بە هەمان شێوە لەشاری هەولێر، خۆکوژێك بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرەوە لەبەردەم وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ خۆی تەقاندەوە، لە هەردوو تەقینەوە تیرۆرستییەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاولآتیان و پۆلیس و ئاسایش شەهی بریندار بوون. ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK دا زۆر بەتوندی هەردوو کارە تیرۆرستییەکە ریسواو مەحکوم دەکەین و، لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە تیرۆریستیانە جەرگبڕن بە لام دوژمنانی کوردو کوردستان ناتوانن ببنە رێگر لەبەردەم پێشکەوتن و ژیانی خەڵکی کوردستان و تۆزقاڵێك لە ئیرادەی پۆلایینی گەلی کوردستان کەم ناکەنەوە و، وێرای پرسەو سەرەخۆشیمان لە کەس و کارو بنەماڵەی شەهیدان، خوازیارین بریندارەکامان بە زووترین کات چاك ببنەوەو داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین رێی و شوێنی بەهێزتر بگرنە بەرو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس چاوکراوەتر بن بۆ رێگە گرتن لە تیرۆرستان و لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ پاراستنی ئارامی و بەرقەرارکردنی ئاسایش بەوپەڕی وریاییەوە هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بن بۆ ئەوەی لێنەگەڕێین تیرۆریستان جارێکی تر دەستی رەش و چەپەڵیان بە خوێنی رۆڵەکانمان سوورکەن.
سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی هەردوو کارەساتەکە دادەنوێنین و لەخوای گەورە داواکارین سەبووری هەمووڵایەکمان بدات و شەهیدان بەبەهەشتی خۆی شادبکات و بریندارەکانمان زوو چاك ببنەوە.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان
- مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
YNDK
2007 / 5 / 13

هەولێر- باشووری کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.